# کومیتەی پشتیوانی لە پەنابەرانی ئەلتاش بەردەوامە

کومیەتەی پشتیوانی لە پەنابەرانی ئەلتاش لە وەلاتی سوید بە هەولی چەند وەلاتپاریزیکی نەوتەویی و تەنیا بە مەبەستی ئاوردانەوە لە ئاوارەکانی کەمپی ئەلتاش و ئەلکەرامە و سنوری ئوردن و عیراق دامەزراوە و هەولەکانیشمان لەو پیناوە دا بوە و داوای هاوکاریشمان لە هەمو حیزبە کوردیەکان کردوە.

هەر لەگەل دەس بە کار بونمانەوە بە دەیان کوردی دلسوز لە هەمو گوشەیەکی ئەم جیهانەوە پیوەدنیان لەگەگەل گرتین و ئامادەی هاوکاری بون ، ئیمەش بۆ ئەوە کارەکان بە باشی پیش بچن هەولمان دا هاوکاری و هاودەنگی وکوردیناسیونیکمان هەبێ .

کاری ئەم کومیتەیە دورە لە هەلویستی سیاسی و حیزبیانە و تەنیا وەک ئەرکیکی نەتەوەیی خزمەتی ئاوارە کوردەکان ئەکا.

یەکیک لەو کەسانە کە لەگەل ئیمە پیوەندی گرت کاک عارف باوەجانی بو کە دانیشتوی وەلاتی نرویژە و ئیمەش بە خۆشحالیەوە لەگەلی دەستمان کردە کار کردن، بەلام ناوبراو نەخۆشی خۆ دەرخستن و خۆ مەترح کردنی هەیە و هەر لە یەکەم رۆژەوە هەولی ئەوەی ئەدا کە لەم کارەی ئیمە بە قازانجی خۆی و ئەو لایەنەی ئەو ئەندامیانە کیشە بۆ ئیمە دروست بکا، بەلام وتمان وا باشترە کە کار بۆ ئەو پەنابەرانە بکەین نەک کیشە دروست کردن .

کەچی لە کوت و پریکا کاک عارف راگەیاندراویکی بلاو کردوەتەوە و ناوی کومیتەکەی گۆریوە و خۆشی کردوەتە سەروکی کومیتەی نۆێ..

بیگومان کاک عارف و هەر کەسیکی تر حەقی خۆیانە کومیتە پیک بینن و لە دەور هەر بیر و باوەریک پییان خۆشە و باشە کۆ بنەوە ، بەلام حەقیان نیە بی پرینسیبانە هەل بقوزنەوە و بە بێ ئەوەی لەگەل ئیمە کە کومیتەمان پیک هیناوە و دەس بەکار و میکانیزمی حەرەکەتەکە بوەین هەلمان بوەشینیتەوە ناوەکەشمان بگۆرێ..

زور جیگای داخە کە لەکاتیک دا ژن و مندال و پەک کەوتەی کورد لە سەر سنوری وەلاتان گیریان خۆاردوە و پیویستیان بە یارمەتی هەیە ، کەسانیکی ئاوا بازرگانییان بە سەروە بکەن و بە قازانجی خۆیان لە ئاوی لیل ماسی بگرن...

ئیمە بە هەمو هاو نیشتمانانی خۆشەویست رادەگەیەنین کە کومیتەی پشتیوانی لە پەنابەرانی ئەلتاش و کەرامە و سەر سنوری ئوردن و عیراق بەردەوامە لە کارەکانی خۆی دا و هەتا چارەنوسی ئەو خەلکە رون دەبیتەوە لە تیکۆشان نا وەستێ و ناش هیلی کە حیزبەکان بە چارەنوسی ئەو خەلکە بازرگانی بکەن.

ئەو کومیتەیەش کە کاک عارف دایمەزراندوە پیروزە و ئیمە ئامادەی هاوکاری کردنیانین ، بەلام لە راستی دا ئەوە کومیتەی ئیمە نەبوە ، بەلکو کاک عارف وەک ئەندامیکی ئیمە بووە و ئیستا کە کومیتەی دیکەی دامەزراندوە ئیمە داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەین و هیوادارین سەربەخۆیی خۆی بپاریزێ و بە کەوچکە ئاوی نەکەویتە مەلە و خیرا ، خیرا کۆمیتە دانەمەزرینێ ، مەرج ناوی کۆمیتە و سەروکایەتی نیە، مەحەک کارە و ئاور دانەوە لەو خەلکە هەژارە ...

ئیمە بەم زوانە راپورتیکی تایبەتی لە سەر کاری کومیتەکەمان پیشکەشی جەماوەری کورد ئەکەین ، و هیوادارین کە هەمومان پیکەوە یارمەتی هاو ولاتیە لیقەوماوەکانمان بدەین.

کومیتەی پشتیوانی لە ئاوارەکانی کەمپی ئەلتاش ، ئەلکەرامە و سەر سنوری ئوردن و عیراق .

050308